# تیشكێك لەسەر عەقڵە بەرهەمهێنو داهێنەركانمان

ئا :هادی ئەمین*

"وڵاتی عێراق لە ڕووی ئابوریەوە دواكەوتووە، بەجۆرێك كە تەنانەت ناتوانرێت لە ڕیزی وڵاتە تازەگەشەكردوەكانیش دابنرێت، چونكە بەزۆری بەكارهێنەرەو پشتدەبەستێت بە هاوردەو، بەهەمهێنانی نییە یان زۆر كەمە، بەرهەمهێنانەكەشی زیاتر پشتدەبەستێت بە دەرهێنانی نەوت، كە زۆر عەقڵی تێدا ناخرێتەكارو ناچێتە ڕیزی وەبەرهێنانی پیشەسازییەوە " ئەمە وتەی دكتۆر خالید حەیدەر بوو كە مامۆستایە لە كۆلێژی كارگێڕیو ئابوری زانكۆی سلێمانی.

بەڵام لە هەرێمی كوردستاندا هەوڵی جۆراوجۆر هەیە بۆ دەرچون لە بازنەی بەكاربەرو، كاركردن بۆ وەبەرهێنانی پیشەسازی ناوخۆیی، ڕۆژی شەممە (11-11)لە ڕێوڕەسمی كردنەوەی دووەمین پێشەنگای نێودەوڵەتی كوردستان لە سلێمانیدا، سەرۆكی حكومەت نێچیرڤان بارزانی وتی "حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەولەویەتی خۆی دیاریكردووە، لەم قۆناغەدا دەمانەوێت بایەخی تەواوبدەین بە كەرتی پیشەسازیو دامەزراندنی بنكەیەكی پیشەسازی لە كوردستاندا"

سۆران فەتاح سەعید تەمەن (34)ساڵ دانیشتوی شاری سلێمانی توانیویەتی دەستپێشخەری بكاتو، ئەو بۆ یەكەمینجار بە ماركی كوردستانەوە كاڵای پیشەسازی تەكنەلۆژی پێشكەوتووی بەرهەمهێنا .

سۆران وتی "ئەگەر لەلایەن حكومەتەوە پشتگیری بكرێم، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێویستیە تەكنەلۆژییەكانی كوردستان دابیندەكەمو كێبركێی هاوردە دەكەمو هەناردەی كاڵای تەكنەلۆژی پێشكەوتوو بەماركی كوردستانەوە دەخەمە بازاڕەكانەوە"

سۆران (20)ساڵە تافیكردنەوەو توێژینەوەدەكات لەبواری ئەلەكترۆنیدا، تا ئێستای چەندین كاڵای جۆراوجۆری بەرهەمهێناوە وەك )كاشیفەی ئەلغانم، كۆنترۆڵی پەمپتێستەری سەیارە كە تا ئێستاش لە كاردایەو لە مەنتیقە سەناعییەكەی سلێمانییە، كۆتەری پزیشكی، شاشەی ئەلەكترۆنی جوڵاو بە فۆنتی كوردی، تێستەری عەقڵی سەیارەی مۆدێل تازەو عەقڵی سەیارە.(

سۆران تائێستا نزیكەی (35)عەدادی بەنزینخانەی بە ستانداردی جیهانی خستۆتەبازاڕەوە، ئەم كاڵایە كۆنترۆڵی پەمپی بەنزینخانە دەكاتو نرخو لیترەكان بە شاشەی تایبەت نیشاندەداتو، لە (10)بەنزینخانەدا بەرهەمەكەی كاردەكات.

یاسین ئەحمەد لێپرسراوی بەنزینخانەی ئەزمەڕ لە سلێمانی سەبارەت بە عەدادەكەی سۆران، وتی "بە تەجروبەی بەنزینخانەی هەوارو بەختیار كە ئەم عەدادەیان بەكارهێنابوو ئێمەش بەكارمانهێنا، تا ئێستا كێشەی ئەوتۆمان لەعەدادەكەدا بۆ دروستنەبووەو بەرێكوپێكی كاردەكات"

عەبدوڵا جەلال خاوەنی بەنزینخانەی هەوار وتی "ئێمە چەند ساڵێكە دەمانویست عەداد لە دەرەوە بهێنین، بەڵام كێشەكە ئەوە بوو كە ئەگەر خەلەلی تێبكەوێت كێ بۆمان چاك بكاتەوە"

خاوەنی بەنزینخانەی هەوار وتی )پێم چاكە ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت عەداد بكڕن، ئەم عەدادە خۆماڵیە بكڕن، چونكە چاككردنەكەی لەناو خۆدایەو پێویست ناكات لەدەرەوە كەسێك بهێنیت.(

سۆران فەتاح سەبارەت بە پرۆسەو هەنگاوەكانی كارەكەی وتی"لە بەر بێئیمكانەتی بە تەنها خۆم هەموو هەنگاوو كارەكان ڕادەپەڕێنم، سەرەتا مەوادی خام پەیدادەكەمو ئامادەیان دەكەم، پاشان سۆفتوێر دادەڕێژم كە ئەمەیان لە هەمووی گرنگترە، پاشان بۆردی بۆ حەفر دەكەم، مەوادەكانی لەسەر دەبەستم، بۆدی ئامادەدەكەمو دەیخەمە ناویو، تێستی دەكەم، بەردەوام چاودێریشیان دەكەم"

سەبارەت بە گەشەپێدانی ئەم پرۆژەیە وەك بەرهەمێكی ناوخۆیی موسا موحەمەد مامۆستا لە كۆلێژی كارگێڕیو ئابوری زانكۆی سلێمانی وتی "حكومەت دەتوانێت ڕێگری بكات لە هاتنەناوەوەی عەدادی بیانی تا بازاڕ بۆ ئەم كاڵا نێوخۆییە دروستبكاتو لە هەمانكاتدا سۆران فەتاحیش كاربكات بۆئەوەی زیاتر كوالیتی بەرهەمەكەی بباتەسەرەوە، تا بەرهەمەكەی كێبركێی كاڵای دەرەوەبكات "

هەروەها مامۆستا موسا وتی "ئەو وەك وەربەرهێنێك دەتوانێت لە حكومەتی هەرێمی كوردستانو بانكەكانو ڕێكخراوە ناحكومیەكان سەرمایەدارانی كوردستان یارمەتی وەربگرێت، لەگەڵ كەسانی پسپۆڕدا لەو بوارەدا بە تیم پڕۆژەیەكی ناوەند دابنێنو پاشان پلانی درێژخایەن دابڕێژن"

دكتۆر خالید سەبارەت بە پڕۆژەكەی سۆران وتی "لە ڕووی زانستیو ئابوریەوە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت، لەبەرئەوەی ئەو پڕۆژەیە ڕێگری دەكات لە كاڵای هاوردە، كە ئەوەش هەنگاوێكە بۆئەوەی سامانی هەرێمی كوردستان نەچێتەدەرەوە لەڕێی كڕینی كاڵاو خەرجكردن بە چاككردنەوەی كاڵاكان"

سۆران سەبارەت بە تەكنەلۆژیای بەرهەمەكەی وتی "ئەو عەدادەی من بەرهەمیان دێنم سفتوێرو هاردوێرەكەی خۆم دیزاینی دەكەم، مایكرۆكۆنترۆڵەری تێدابەكاردێنم كە تەكنەلۆژیایەكی تازەی سەردەمە "

ماكوان ئەكرەم هەورامی خاوەنی بەنزینخانەی مەولانا لە سلێمانی وتی "نزیكەی شەش عەدادی كاك سۆرانم لایەو كاركردنی زۆر ڕێكوپێكە تا ئێستا هیچ كێشەی نەبووە"

سەبارەت بە گرنگی ئابوری پڕۆژەكەی سۆران بۆ كوردستان مامۆستا موسا موحەمەد وتی"ئەو كاڵایەی كاك سۆران بەرهەمیهێناوە لە نزیكەوە بینیوومە، لە بواری ئابورییەوە وەك شمەكو كاڵایەكی ستراتیژی ئەلەكترۆنی دەیبینم بۆ كوردستان، ئەم پڕۆژەیە دەتوانێت سەرەتایەك بێت بۆ دروستكردنی چەندین چالاكی ئابوریو بنەمایەكیش بێت بۆ هەناردەی كاڵا، ئەگەر هەناردەشمان هەبوو ئەوا هەلی كار لە نێوخۆدا زیاددەكات"

سەبارەت بە ئەگەری دامەزراندنو بەڕوەبردنی كارگەیەكەی بەرهەمهێنانی كاڵای ئەلەكترۆنی سۆران وتی "ئەگەر كارگەیەك لە كوردستان دابمەزرێنم تەنها مەبەستم سودی مادی نییە، بەڵكو دەمەوێت كاری زانستیو وەبەرهێنانی تێدابكەمو سودی نەتەوەیی هەبێت، دەشتوانم بەشێوەیەكی باش كارەكان ڕاپەڕێنمو دەزانم چۆن پەیوەندیەكان بەڕێوەبەرمو پێداویستیەكان دیاریبكەم"

سۆران فەتاح لە كاتی كاركردندا چەندین كێشەی هەیە، وەك خۆی وتی "سەفەركردنو هێنای كەرەسەی خاو بۆ كاڵاكانم یەكێكە لە كێشەكانم كە زۆر ماندووم دەكاتو هیچ هاوكارییەك ناكرێم، گەورەترین كێشەشم لایەنی مادییەو نەبونی شوێنی فراوەنە بۆ كارەكەم "

مامۆستا موسا وتی "حكومەت دەشێت گرنگی بدات بەم عەقڵە زانستیانە، سۆران فەتاح لەهەر وڵاتێكیتر بوایە زۆر بەڕێزە مامەڵەیان لەگەڵ دەكرد، كەمترین خزمەتیش بەو بەڕێزە ئەوەیە كە زانكۆكانی كوردستان بەشی ئەلەكترۆنیك هەڵسەنكاندنی بۆ بكەنو بڕوانامەی ماستەر یان دكتۆرای پێببەخشن لە بوارەكەی خۆیدا"

مامۆستا موسا زیاتر دواو وتی"حكومەت بۆ گەشەپێدانی تواناكانی دەتوانێت خولی بەهێزكردنی بۆ بڕەخسێنێت لە دەرەوەی وڵات، بەتایبەت بینێرێت بۆ كۆریای باشور یان ژاپۆن تا زیاتر لایەنی زانستی بەهێزبێتو زیاتر خەریكی داهێنانو بەرهەمهێنانی زانستی بێت"

هەروەها ناوبراو وتی "حكومەت دەتوانێت مافی Copy right كۆپی ڕایتی بۆ دەستەبەربكاتو، هەروەهات حكومەت دەتوانێت تۆماری داهێنەرەكانی كوردستان دابنێت تا بەشێوەی ڕەسمی، داهێنەرانی وەك سۆران فەتاح تۆماربكات تا مافیان ونبنەبێت"

ئاواتی سۆران وەك خۆی وتی ئەوەیە "ئاواتەخوازم كارە زانستیەكانم لە شێوەی كارگەیەكدا بە ماركی كوردستانەوە بەرێوەرەبەرم تا ناوبانگو توانای كورد لە بواری زانستیو بەرهەمهێناندا دەركەوێت، بۆ ئەوەش پێویستیم بە پشتگیری هەیە"

تەنها پرسیار ئەوەیە كە ئایا حكومەت چۆن دەڕوانێتە ئەم تواناو داهێنانو بەرهەمە ناوخۆییە

- srwshthady@yahoo.com

عەدادی سۆران فەتاح لە بەنزینخانەی مەولانا لە شاری سلێمانی